# یادەوەری و شوێن لەناو فۆرمی هونەریدا

عەلی ڕەزا

شێوەکاری

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

## پێشەکی

ئەرکی پاراستنی یادەوەری، بابەتێکی قورس و ئاڵۆزە، بەتایبەت ئەگەر پرسەکە پەیوەندیدار بێت بە هونەرەوە، لەبەر ئەوەی بێگومان شڵەژانی دەروونی دروست دەکات لەنێوان ئەو شتەی کە ئاوەزی کەسی و ئەو ڕاستییە بابەتییە، یان ئەو ڕووداوەی مەبەستە وێنا بکێشرێ، تەنانەت هەتا نەخشەیەکیش لە تاکە دیدگایەکەوە کێشرا بێت، ئەوا نادروست دەبێت. (تەیت، ٢٠١٥)

پرۆسەی خوڵقاندنی کاری هونەری لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان عەقڵ و سۆز بەندە، هەروەها لەسەر بنەمای ڕاستی دەرخستنی ئەو پەیوەندییەیە بۆ ناو شتێکی ماددی. یادەوەری بەتەواوی خۆی دەداتە ئەو پرۆسەیە، لەکاتێکدا مێشک ئەو ژینگە ئەزموونیانەی بیر دەکەوێتەوە کە بەردەوام کاریگەری لەسەر هونەرمەند هەبووە و هەیە. لەم وتارەدا پەیوەندی نێوان چەمکی شوێنی یادەوەری(**پیری نورا**) و هونەری شێوەکاری پوخت دەکەمەوە. وتارەکە گرنگی دەربڕینی هونەرە کە چۆن شوێنێکی یادەوەری دەکاتە تیۆر، وەک نورا دەڵێت: چیدیکە ژینگەی ڕاستەقینەی یادەوەری بوونی نییە، لەکاتی جینۆساید و شەڕوپێکدادان، یان پێشکەوتنی بەردەوامی گوند و شارۆچکەکان، یان وێرانبوون و گۆڕانی شارەکان. وتارەکە تاوتوێی چەمکی شوێنی یادەوەری( lieux de memoire ) **نۆرا** دەکات، چەمکە تیۆرییە سەرەکییەکان لەناو بابەتەکەمدا بەکارهاتوون، هەروەها وتارەکە پەیوەندی شوێنەکانی یادەوەری بە چەمکی پۆست یادەوەری (**ماریان هیرسچ**)ەوە دەبەستێتەوە. ئەو یادەوەرییانەی لە دایک و باوک و ئەندامانی خێزانە کۆنەکەی ماونەتەوە، هەروەها سەرچاوەکانی میدیاش بەگشتی. دوای یادەوەری (پۆست یادەرەوەری) چەق سەرەکی ژمارەیەکی زۆر لەکاری هونەرمەندانی کوردە، ئەوانەی کارەکانیان -وەک کارەکانی خۆم-، بەشێوەیەکی بەرچاو بە شوێن و کەشی جینۆسایدی کورد کاریگەرن، لەهەمانکاتدا دەبنە شوێنێکی سەرەکی یادەوەری و یادەوەرییەکی تراوی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. بەشی (A) ئاماژە بە کرۆکی چەمکی (شوێنی یادەوەری)ی **نۆرا** دەکات. بەشی (B) باس لە (پۆست یادەوەری) و یادەوەریی گواستراوە دەکات. بەشی(C) تیۆری یادەوەریی تراوما. بەشی (D) لەنێوان یادەوەری تاک و یادەوەری بەکۆمەڵ. بەشی (E) چۆن هونەر دەبێتە شوێنێکی یادەوەری. هەروەها ئەو پرسیارانەش دەکرێن، ئاخۆ کاری هونەری بەشێوەیەکی کاریگەرانە داواکارییەکانی ڕەهەندی شوێنەکانی یادەوەری بەجێ دێنێت یان نا، بەتایبەتی لە حاڵەتی دووەم (پۆست یادەوەری) یان یادەوەرییە گەیشتووەکان، ئاماژە بەو ئارگۆمێنتە دەکات کە ئاخۆ هونەری شێوەکاری تەواو کاریگەرانە خۆی لەم میانە دەبینێتەوە.

**بەشی (A): شوێنەکانی یادەوەری**

بیرۆکەی (شـــوێنەکانی یادەوەری) لە کارێکی حەوت بەرگی و لەلایەن **پییێری نۆرا** دامەزراوە و بۆ یەکەمجار لەنێوان ســاڵانی ١٩٨٤ و ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە (Nora, ١٩٨٤-١٩٩٤). پـێـنـاســـەکەی، کە وەک لە وتـاری (بەشی یەکەم) بەرگی یەکەم دەردەکەوێت، ئەو شـوێنانە دەنوێنێت کە "یادەوەری لێدروســت دەبێت و خۆی تێدا نیشـــان دەدات"(Nora, ١٩٨٩, ٧). ئەو شـــوێنانەی کە ســـەرمایەداری تیایاندا چر دەبێتەوە، شـــەکەت و مـانـدووکەرن بۆ یادەوەریی بەکۆمەڵ کە گوزارشـــتی لێبکات (Erll,٢٣,٢٠١١). لە پێشـــەکی بەرگی یەکەمی شـــوێنەکانی یادەوەری ( Les Lieux de mémoire)دا، نۆرا ئەو دۆخانە ڕوون دەکاتەوە کە ڕووداوێک یان شـــتێک دەبێت بێتەدی بۆ ئەوەی دەستنیشـان بکرێت وەک شـوێنێکی یادەوەری. بە بۆچوونی نۆرا سێ ڕەهەندی (شـــوێنەکانی یادەوەری) هەن کە دەتوانرێن پۆلێن بکرێن بۆ مادده و ئەرک و هێمایی(Memory in Culture ٢٠١١, ٢٤). ســەبارەت بە مادده، شـوێنی یادەوەری لەوانەیە شـوێنێکی وەک (مۆزەخانە، ئەرشـیف، یادەوەری، کەنیسـە، گۆڕسـتان) بێت. چەمک و ئەزموونەکان (یادکردنەوە، نەوەکان، هوتافەکان و نەریتەکان) و شـــتەکانیش (ســەروەت و ســـامانی بەجێماو، مۆنیۆمێنتەکانی یادەوەری، دەســـتنووســـەکان، دروشـمەکان و تێکسـتە سـەرەکییەکان و نیشـانەکان) (Holtorf, ٢٠٠٢). ئەوانە تەنیا ئەو شـــتانە ناگرێتەوە کە بەرجەســـتەیین وەک تابلۆ و کتێب، بەڵکوو ڕووداوەکانی ڕابردووش دەگرێتەوە و تەنانەت چرکەســـاتەکانی یادەوەری و بێدەنگ نیشـــاندانی ڕەهەندێکی ماددیش. لەکاتێکدا ئەوان هەروەک نورا ڕوونیدەکاتەوە بەمانای وشـــە پشـــوودانی بەردەوامییەکی کاتین (Erll,٢٣,٢٠١١). ڕەهەنـدە مـاددییەکە یەکێکە لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی گواســـتنەوەی بیرۆکەی بابەتێکی خودی، وەک یادەوەری بۆ ناو شـــت، لەبەر ئەوە شـــوێنەکانی یادەوەری ڕوونن لە میانی مادە جۆربەجۆرەکان. نۆرا داوا دەکات کە (ئۆبجێکتیڤەیشـــنە) بابەتە ئەبســـتراکتە ماددییەکە ئەرکێکی ناو کۆمەڵگە بەجێدەهێنێت، ئەرکەکە ڕوونە، بۆ نموونە ئەرکی مۆزەخانەیەک ئەوەیە نیشـــاندانی نـاوچەکان و پارچە کۆنەکانی ڕابردوو دەســـتەبەر بکات، کە نـاوەنـدێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە بۆ مرۆڤـنـاسی. هەموو شـــوێنەکـان هـاوبەشی ئەرکی ئـامـادەکردنی یادەوەرییەکە دەکەن کە ئەو شـوێنانە نوێنەرایەتی دەکەن. لەبەرئەوە شـوێنی یادەوەری لەوانەیە چەنـد ئەرکـێـکی هەبـێـت لە کـۆمەڵـگەدا. لە کـۆتـایـیـدا دەبـێـت ئۆبجێکتیڤەیشـن(بابەتیانە) بێت، جگە لە ئەرکی خۆی، مانای نیشـانەیی(ڕەمزی)یشی-هەبێت (Erll,٢٠١١ ٢٤). ئەمە کەیســـەکەیە، بۆ نموونە کاتێک هەنگاو و کردارەکان دەبنە نەریت یان شـــوێنەکان بە کەش و ژینگە هێماییەکان دادەپۆشرین(Nora ١٩٨٩, ١٩). ئەم نیشـانە(هێما) نێودەوڵەتییە ماناداره داواکراوە بۆئەوەی شـتە کولتوورییەکان بگوازێـــتەوە بۆ ناو شوێنەکانی یادەوەری (Erll ٢٠١١،٢٤). لەلایەکی دیکەوە ئەوەی کە شـــوێنی یادەوەری دروســـت دەکات بریتییە لە کارلێکردنی یادەوەری و مێژوو. هەر لەسەرەتاوە دەبێـت ویست و ئارەزووی بیرکەوتنەوە هەبێت، بۆیە **نۆرا** دەڵێت ئەگەرنا

شـــوێنەکانی یادەوەری تەنیا وەک شـــوێنە مێژووییەکان دەمێننەوە. مەبەســـت لە شـوێنەکانی یادەوەری بریتییە لە ڕاگرتنی کات و وەسـتاندنی کاری لە بیرچوونەوە (Nora ,١٩٨٩ ,١٩). توێژەران ئاماژەیان بە پێشـنیارەکەی نۆرا کردووە، کەوا شـوێنەکانی بەر لە مێژوو و شـوێنەوارەکان لەدەرەوەی پۆلێنی شـوێنی یادەوەرین، لەبەر ئەوەی بەپێودانگی پێناسەکانیان ئیرادە و ویستی بەبیرهاتنەوەیان تێدا نییە، "بنەڕەتگەرایی" کێش و قەبارەی زیادەڕۆیی سـەپێنراو بەسـەریاندا، بەهۆی کات، زانسـت، خەونەکانی مرۆڤ" (Nora ,١٩٨٩ ,f٢٠).

لە دوو بەرگەکەی تردا، چەمکەکە فراوانتر کرا بۆ لەخۆگرتنی هەموو یەکە گرنگەکان، ئینجا چ ماددی یان چ بەرنامەیەکی نموونەیی بێـت، کە ویست و ئیرادەی مرۆڤ یاخود کـاریگەری کـات، توخمە هێمـاییەکـانی میراتی و بۆمـاوەیی یـادەوەریی کۆمەڵگەی دروستکردووە. (Erll, ٢٠١١ ,٢١) بەمشـێوەیە پێویسـتییە ڕەهەندییەکانی ماددەگەرایی و هێماگەرایی کەم کرایەوە، لەوکاتەی کە نۆرا فراوانکردنی چەمکی شـوێنەکانی یادەوەری پەیڕەو کرد کە هێمـای نموونەیی خســتە نـاوی و هەروەهـا زیـاتر گرنگی دا بە مـانـا هێماییەکە، کە لەوانەیە لە ئەنجامی ویستی مرۆڤ یاخود کاریگەری کاتەوە بێت.

لە دەق سـالی١٩٨٤ی مێژوویی نۆرادا کە بە یادکردنەوە دەسـتیپێکرد و بەرەو بیرەوەری گەڕایەوە و کاردانەوەی لەسـەر پەیوەنـدی نێوان یادکردنەوە و مێژوو دروسـتکرد و سەلماندی کە نیشاندانی ئەو بیرەوەرییە مێژوویەکی هەیە (Montano, ٢٠٠٨). نۆرا لە تەوژمی بیرەوەرییدا هەسـتی بەوە کرد کە بیرۆکەی یادەوەری و شـوێن بووەتە بەڵگەیەک لە فەرەنسـا و وڵاتانی دیکە بۆ شـیکردنەوە و دەسـتنیشـانکردنی دەرئەنجامەکانی ئەوەی کە چۆن مێژوو نووسراوە و چۆن کاری مێژوونوسـان لە فەرەنسـا ئەنجـام دراوە (Montano, ٢٠٠٨). نۆرا لە زاراوەی بیرەوەری بۆ مێژوو دەرچوو و بۆی دەرکەوت کە مێژووی نەتەوەیی فەرەنسـا زۆر قووڵ بووە، یـادەوەرییەک بە فلتەرە مێژووییەکەدا تێپەڕی، یادەوەرییەکی متمانەپێکراویش گۆڕا بۆ مێژوو. بەمجۆرە ئەمە پەیماننامەیەکە کە دوای نیشـاندانی ناسنامە لە پرۆژەی قوتابخانەیەکی فەرەنسی-(نیشـاندانی بەڵگە لە پەیوەندی نێوان پەرتوکی مێژوویی و یادەوەریی نیشـتمانی) بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت مێژووی نیشـتمانی بە داسـتانەکانی و نوێنەرانی شـیبکاتەوە (Montano, ٢٠٠٨). بەڵام شوێنەکانی یادەوەری ناتوانن وەک یادەوەریی بە کۆمەڵ بەردەوام بن، هەروەک لەلایەن (**هالبارگ**) پێناسـە کراوە، کە کۆمەڵە نووسـینێکی هەیە لەنێوان جەنگەکان و لەسـەر سروشـت و دەسـتوری بیرەوەرییەکانی تاکەکان، هەروەها ناو خێزان و پلە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکاندا. تیۆری **هالبارگ** بۆ یادەوەری دەتوانرێت ڕوون بکرێتەوە نەک تەنیا بە سووربوونی لەسـەر سروشـتی بەکۆمەڵی یادەوەری، بەڵکوو بەشـێوەیەکی زیاتر دیاریکراو لەسـەر بنەمای زمانەوانی بۆ ئەم بەکۆمەڵیەیە ( E,Wells, ١٩٩٢). لەکاتێکدا نورا ڕوونیدەکاتەوە کە لێرەدا شوێنەکانی یادەوەری هەن، چونکە چیدیکە ناوەندی یادەوەری نین (Memory in culture ٢٠١١, ٢٣). بەپێی نۆرا کۆمەڵگەی ئەمرۆ لە قۆنـاغی

گواســـتنەوەدایە، لەم ماوەیەدا پچڕانێک لە پەیوەندی ژیاندا هەیە و گروپ و نەتەوە دیاریکراوەکان و ناسـنامەی ڕابردوو پێکدەهێنن. بەمجۆرە ئەرکی شـوێنی یادەوەری وەک جۆرێک لە هەڵگری شوێنی دەستکردی بیرەوەی بەکۆمەڵی نیشتمانییە کە چیتر بوونی نییە (Montano, ٢٠٠٨).


بەرهەمێکی ئانسلیم کیەفەر (١٩٤٥_..) هونەرمەندی ئەڵمانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەرهەمەکانی دارمانی فەرهەنگی ئەوروپای پاش جەنگ

## بەشی (B): چەمکی پۆست یادەوەری

**ماریانا هیرسچ** لەسەرەتای نەوەدەکان زاراوەی ( پۆست)ی داڕشتووە. پۆست یادەوەری وەســـفی پەیوەندییەکی ئاڵۆز دەکات کە نەوەی لە دایکبووی پاش ڕووداوێکی تراوماتیکی، ئەزموونی بەکۆمەڵیان هەیە کە کاریگەری تراوماتیکی کولتوورییان لە ســـەرە (Shoah and postmemory ٢٠١٢-١٦). بە بۆچوونی **هیرســـچ**، ئەزموونی ئەو کەســـانەی کە تراومای بە کۆمەڵیان بینیوە وابەســـتە بوونە بە ژیانی منداڵەکانیان و نەوەکانیان، بە "پۆســـت نەوە"ش ناسراوە(Hirsch ٢٠١٢, ١٠٦ ). **هیرســـچ** دەڵێت "پۆســـت یادەوەری هاوتا (یەکســـان) نییە بە یادەوەری، ئەوە ڕابردووە یادەوەرییەکانی یەکەمجار بینراوە (یان نەوەی یەکەم) گوســـتراونەتەوە بۆ نەوەی دواتر بە هۆکارەکانی وەک چیرۆکەکان و هونەر و ئەدەبیات و کولتوور و ڕەفتار و نەریتەکان (هیرســـچ،

٢٠١٢، ١٠٦). لێرەدا جیاکەرەوەیەکی ڕوون لەنێوان یادەوەرییەکانی یەکەم نەوە و پۆست یادەوەری و وەچەکانیاندا هەیە.

لەکاتێکدا **هیرسج** دەڵێت: ئەم ئەزموونانەی تراومایی بەکۆمەڵە، بەشێوەیەکی قووڵ و کاریگەر گواستراونەتەوە بۆ نەوەی دواتر، کە پێدەچێت یادەوەرییەکان بە مافی خودی خۆیان ببنە بەشێک و دروست بن. بەمشێوەیە لەڕاستیدا پەیوەندی پۆست یادەوەری بە ڕابردووەوە بە بیرکردنەوە نێوانی نەکراوە، بەڵکو لەڕێگەی وەبەرهێنانی خەیاڵی و جێکەوت و خوڵقاندنەوەیە (The Generation, ١٠٦-١٠٧). بەمجۆرە نەوەکانی دووەم و دواتر دەبێت دەرک بە مەودای (ماوە) نێوان یادەوەرییەکانیان و ڕووداوی ڕاستەقینەی تراوما بکەن. **هیرسج** بە نەوەکانی شایەدحاڵی تراومای بەکۆمەڵ دەڵێت (پۆست نەوە). پۆست نەوە ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە دایک و باوکیان یان باپیرانیان لە ڕووداوی تراومای بەکۆمەڵدا ژیاون و ئەزموونیان گواستراوەتەوە بۆ منداڵ و نەوەکانیان. هەروەک **هیرسج** ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە ئەندامانی نەوەی نوێ تەنیا میرات نین بۆ تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانیان، بەڵکوو میراتن بۆ ئەزموونەکانی تراومای پێشینەکانیشیان، دەکرێت دوانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بلکێندرێت بە یادەوەریی نەوەی پێشووتری خۆیان لە ڕابردوو، کە پێویستیانە داوای ئەو پەیوەندیی یادەوەرییە بکەن، لە دۆخێکی زۆر سەختدا بتوانرێت یادەوەرییەکە بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەڕاستی لە ڕووداوەکەدا نەژیاون(Hirsch ٢٠١٢, ١٠٥-١٠٦).

دوای نەوە (پۆست نەوە) ئەزمونی ژیانی ڕووداوە تراوماتیکیەکانی نییە، لەبەرئەوە یادەوەرییەکانی ئەندامانی پۆست نەوە تەواو جیاوازن لەوانەی شایەتحاڵی یەکەمن. گوتراوە کە دوا یادەوەرییەکان کە زۆر ڕاستەقینانە بابەتیانە هەستیان پێبکرێت ئەوا کاریگەری بەرجەستەیان لەسەر ئەو وەچەی تراومایی ڕاستەقینە دەبێت. هەروەها (پۆست) لە پۆست یادەوەری زیاترە لە جیاوازی نەوەیی یان کاتی. بە هەمان شێوەی (پۆست) لە پۆست کۆلۆنیێل (دوای داگیرکردن) یان پۆست مۆدێرن ئەمە پێویستی بە پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لەگەڵ ڕابردوو وەک لەوەی لێی جیا ببیتەوە. هەروەک پێشتر گفتۆگۆیی لە سەر کرابوو، تراوما دەتوانرێت کاریگەرییەکی دواکەوتنی لەسەر خەڵک هەبێت، ئەمە بۆ هەریەک لە شایەتحاڵی یەکەم و بۆ دوای نەوەش دەچێت. بۆ نموونە، کاریگەرییەکانی سەر ڕزگاربووانی هۆلۆکۆستی جولەکەکان دەرنەکەوت تاکو چەند ساڵێک دوای تەواوبوونی شەڕ. بە هەمان شێوە، چیرۆکەکان و سیفەتە ڕەفتارییەکانی ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست دەتوانرێن کاریگەری دواخراویان لەسەر نەوەکانیانەوە هەبێت. پۆست لە پۆست یادەوەری، بە دواکەوتوویەکەی لە کات جیاکراوەتەوە، بەڵام لەوەش گرنگتر، ئاماژە بە کاریگەرییەکانی دواییش دەکات و بەردەوامیش دەبێت لەگەڵ تراوماکە (Shoah and postmemory ٢٠١٢-١٦) .

**هیرسج** جەخت دەکاتەوە، کە پۆست یادەوەری لێکچوون نییە لەگەڵ مانا مشتومڕ لەسەرەکەی یادەوەری. جگە لەمە پۆست یادەوەری، ئەو یادەوەریانەی تێدایە کە لە

ڕێگەی وێنە و ئەدەب و ڕەفتـار دەگوازرێتەوە. یـادەوەریی بەکـۆمەڵ لەمەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەڵام لە تیۆری پۆســـت یادەوەری ڕۆڵی خێزان جەختی لەســـەر کراوەتەوە. خێزانەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان یادەوەریی تاک و یادەوەریی بەکۆمەڵ دەگێڕن، بەتایبەتی لە دەقی پۆست یادەوەری.

هەر یەک لە (**هیرسج** و **ئالێیدا** و **جان ئاسمان**) سـوورن لەسـەر ئەوەی خێزان وەک ناوەندێکی گرنگی گواستنەوەی یادەوەرییە. لە جیاکردنەوەی یادەوەریی خێزانی و پۆست یادەوەری، لەکاتێکدا یەکەمیان (یادەوەریی خێزانی) وەسـفی سـتونی گواسـتنەوەی ڕووداوە شـۆکەکان دەکات ڕاسـتەوخۆ لە پێشـینەییەکانەوە بۆ نەوەکانیان، دووەمیان (پۆسـت یادەوەری) گواسـتنەوەی ئاسـۆییە لە پێشـینەییەکانەوە بۆ ئەوکەسـانەی کە نەوەکانیان بە دوای پەیوەندیکردن بە ڕووداوەکانی ڕابردووەوەن (Erll ٢٠١١,٢٨). لە ئەنجامدا پۆسـت یادەوەری هاوکاری ئەندامانی پۆسـت نەوە دەکات کە پەیوەندیان بە هەمان پۆسـت نەوەوە هەیە. هەروەها گرنگە پۆسـت یادەوەری لە وشـەیی (حرفی) نەوەی دووەم جیا بکرێتەوە. **هیرسج** ئەم جیاکەرەوە بەمشێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

"پۆسـت یادەوەری یارمەتی خوڵقاندنی یادەوەرییەک دەدات، کە ناتوانێ یادەوەری ڕاسـتەقینە بگەڕێنێتەوە، کردە خوڵقێنەرەکە یـارمەتی یـادکردنەوەی تراومـاکە و مامەڵەکردنی سـایکۆلۆژی دوای کاریگەری تراوما دیاریکراوەکە دەکات. ڕۆڵی هونەر لە پرۆسەی شۆک پشتیوانیکراوە لەکاتێکدا هونەر چالاکانە پۆست یادەوەرییەکان لەنێوان ئەنـدامانی پۆسـت یـادەوەریی و ئەنـدامانی دیکەی ئەو کۆمەڵایەتییە دەگوازێتەوە. هەروەها خەیاڵ وەک هونەری بینراو (شێوەکاری) بریتی نییە لە مێژوو، بەڵام دەتوانێت یادەوەری دروسـت بکات. ئەمە دەبێتە هۆی گفتوگۆی بەشی (C)، کە پەیوەندی نێوان شوێنی یادەوەری و پۆست یادەوەری و هونەری بینراو(شێوەکاری) تێدا تاوتوێکراوە.



کریستیان بۆلتانسکی (١٩٤٤_ ..)هونەرمەندی فەڕەنسی، کە بەرهەمەکانی بەرجەستەکەری یادەوەریین

**بەشی (C): تیۆری یادەوەریی تراوما**

بۆ ئەوەی لە پرسە سەرەکی و گرنگەکانی یادەوەریی تراوما تێبگەین، یەکەمجار دەبێ لە پێچەوانەی مێشکی مرۆڤ بۆ ڕووداوێکی ترواماییی تێبگەین. کاریگەرییەکانی تراوما و بە دروستیش شەڕ، زیاتر لە مشتومڕێکی تیۆری و ڕەگەزی لەسەر پەیوەندییەکی پەیوەستی تراوما و یادەوەری و لە قسەکانی هیرسج و کردەکانی گواستنەوەی نێوان نەوەکان ورووژاندووە (Hirsch, Writing and Visual, ٢). چەمکی تراوما جۆرە گشتگیرییەکی لە بوارە تیۆرییە جۆربەجۆرەکاندا، شان بەشان لەگەڵ توێژینەوەی ئەدەبیدا هەیە، لەکاتێکدا کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی خەڵک زۆرە. لێکۆڵینەوەی تراوما دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و ژیانەوەی لە ساڵانی نەوەدەکان ئەو سەدەیە پێبەخشی ـــ (Jolande Withuis Introduction page, ١). ئەوکاتە، توێژینەوەکانی تراوما جەختیان دەکردە سەر کاریگەرییە سایکۆلۆژییە درێژخایەنەکانی هۆلۆکۆست وەک ئەزموونێکی ترواماییی. پەیوەندیدار بەمە، چەمکی یادەوەری لەم بوارەی توێژینەوەیەدا سەریهەڵدا. پەیوەندی نێوان مێژوو و یادەوەری ئاڵۆزە، بەتایبەتی کاتێک یادەوەرییە بەکۆمەڵ و تاکەکان لێک نزیک دەبنەوە (بەیەک دەگەن). بەرلەوەی بچینە سەر بەیەکگەیشتنی فۆرمە جیاوازەکانی یادەوەری، گرنگە درێژە بە زاراوەی تراوما و ڕێگەی دووبارە دروستبوونەوەی لە چەمکێکی تەواو پزیشکی بۆ چەمکێکی تێکەڵە (پێکهاتوو) کە دەتوانێت هەردوو فیزیکی وەک لادانی گۆڕانی سایکۆلۆجی هەبێت. لە مانایەکی ئیتمۆلۆجیکی، تراوما لە وشەی (trauma) (τραῦμα) دارێژراوە، کە وشەیەکی کۆنی یۆنانییە، بەمانای برین یان شکان دێت. دوای ئەوە تراوما دەستیکرد بە بەرجەستەکردنی کاریگەرییە سایکۆلۆژییە درێژخایەنەکانی ئەزموونە بە ئازارەکان (ڕووخان، تێکشکان، وێران بوون، زیان)، کە بەهۆی ئەزموونەکانی تراوماتیکی دروست بوون، برینێکی کراوە لە مێشکی کەسێک دەخولقێنێت. ڕووداوە مێژووییە تراوماتیکیەکان بوونەتە حەز و ئارەزوو کەسانێک کە توێژینەوەی دەروونی مرۆڤ دەکەن. لەسەدەی بیستەمدا، کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی هۆلۆکۆست بەشێوەیەکی سەرەکی تیۆری تراوما دەنوێنێت. بیرۆکە سەرهەڵدراوەکە کە ئەزموونێکی یەکجار نەرێنیە، وەک شەڕ، کە "دواتر دەبێتە هۆی دارمانێکی تەندروستی جەستەیی و دەروونی درێژکراوە هەتا هەمیشەیی" (Withuis ١).

لە کتێبە بڵاوکراوەکەیان، سیاسەتەکانی شەڕی تراوما، **(جۆلاندی ویزیوس** و **ئانێت مۆیی)** تاوتوێی کاریگەرییەکانی تراوماتیکیان کردووە کە جەنگی جیهانی دووەم لە سەر ژمارەیەک کولتووری جیاوازی ئەوروپا هەیبووە و هەروەها باسی ڕێگە جیاوازەکانیان کردووە کە چۆن خەڵک مامەڵەی لەگەڵ تراومای شەڕدا کردووە. هەر سەبارەت بەمەش ویزیۆس گفتوگۆی دەرەنجامەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەکات، کاتێ ڕوون بووەوە کە ئەو شەڕە نزیکەی چارەگە سەدەیەک بوو کە کۆتایی هاتبوو، بەڵام ڕزگاربووانی کەمپ و چەکدارانی بەرگریکار و قوربانیانی دیکە هێشتا بە دەست خەمناکی

و بەتاڵبوونەوەی نیشـــانەکانیەوە دەناڵێنن( Jolande Withuis Introduction page, ٢). دواتر تراوما مانایەکی دەبێت کە زیاتر برینێکی فیزیکی (جەســـتەیی)یە. جگە لەمە، تراوما، بەتایبەتی لە حاڵەتی شـــەڕ کاریگەری جەســـتەیی درێژخایەنی لەســـەر ڕزگاربووان دەبێت. بیرۆکەکە کە کەســانی پێگەیشــتووی جێگیر لە ڕووی دەروونییەوە (عەقڵیەوە)، بەشـــێوەیەکی دەروونی بەهۆی تراوماوە تووش نابن، لە زەمینەی بوارە ئەکادیمییەکاندا نەماوە و نەخۆشییە دەروونی درێژخایەن (مزمن) وەک کاریگەری شەڕ دانیان پێدانراوە (Jolande Withuis Introduction page ٢). لە کۆتاییدا، پۆست نەخۆشی سترێس (فشار)ی تراوماتیکی وەک زنجیرەیەک نەخۆشی لە ساڵی ١٩٨٠ دانی پێدانرا (Withuis Introduction page.٢). کەواتە بەمجۆرە کاریگەری و شوێنەواری شـــەڕ کاریگەری فراوان و تراوماوی لەســـەر ڕزگاربووان دەبێت. تێبینی ئەوە کراوە کە ناتوانرێت پۆســـت نەخۆشی فشـــاری تراوماتیکی وەک پۆســـت یادەوەری دابنرێت یان یەکســـان بن. ئەزموون و یادەوەرییەکانی شـــایەتحاڵی تراوما بۆماوەیی، جیاوازن لە ئەزموون و یادەوەرییەکانی نەوەکانی دواتر. شـــتێکی زۆر نامۆڕاڵی دەبێت یادەوەرییەکانی نەوەی یەکەم لەگەڵ یادەوەرییە وێناکراوەکانی نەوەکانی دواتر بەیەک بچوێنیت. بەپێی **ڤان دێر** و **کۆڵک** و **وایتفیلد**: یـادەرەوەییە تراومـاییەکـان یـان بەلایەنی کەم فۆرمە دیاریکراوەکانی تراوما، بە پرۆسەکانی وەک سەرکوتکردن و هەڵوەشانەوە کۆد کراون، کە وایـانلێـدەکـات ســـەخـت بێت وەک گێڕانەوەیەکی زارەکی پەیوەســـت بگێڕدرێتەوە. ئەنجامەکە بریتییە لەوەی کە یادەوەرییە تراوماوییەکان بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی وەک پارچەکانی دابڕاو و نازارەکی و هەســـتی و بزوینەر و ســـۆز هەبن. ئەگەر ئەم دەرەنجامە هەبوو( ١٩٩٧ , ٧٤,p).

لەگەڵ ئەوەشـدا، بینیومانە کە شـەڕ ئەزموونێکی تراوماتیکی لە ڕادەبەدەرە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵـک و نەوەکـان. یـادەوەرییەکـانی ئەم ڕووداوە تراومـاتیکیـانە دەتوانرێـت بەشـــێوەیەکی ئاشــکرا بگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی دواتر (داهاتوو) بە ڕێگەیەک کە شـــەڕ دەکاتە شـــتێکی پەیوەندیدار، هەتا بۆ ئەو خەڵکانەش کە یەکەمجار بە ئاســـانی ئەو ئەزموونەیان نەبووە. بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگانەی کە هێشـــتا شـــوێنەواری شـــەڕیان بەســـەرەوە ماوە و دەکرێ نەوە گەنجەکان بە ئەزموونەکانی دایک و باوکیانەوە گرێ بدرێن. بۆ نموونە، زۆرجار هۆلۆکۆست بە حاڵەتێکی ئیستیسنایی تراوما و بیرخستنەوە ناسراوە (دەستنیشانکراوە) و بەشێکی زۆری تیۆری تراوما جەختی کردبووە سەر دووبارە کاردانەوەی تراومای هۆلۆکۆســـت لە ئێســـتادا. جێبەجێکردنی توێژینەوەی تراوما دەتوانرێت بەشێوەیەکی فراوان لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان و تراوماتیکیەکان جگە لە هۆلۆکۆستیش جێبەجێ بکرێت. ئەوە هەڵە دەبێت ئەگەر جەنگی جیهانی دووەم لەگەڵ شـــەڕی (بیافرا)ن بەراورد بکرێت. هێشـــتا شـــوێنەوارەکانی شـــەڕی ناوخۆیی نێجیریایش دەتوانرێت شـــیبکرێتەوە. گرنگە جەخت بخرێتە ســـەر جیاوازییە بچوکەکانی هەموو ڕووداوە تراوماتیکیە تایبەتییەکان و جەخت لە پەیوەندی ئێتنیکی (نەژادی) نێوان تراوما و کردە یادەوەرییەکانی بیرخستنەوە بکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەوە کە نیشانەکانی

تراوما چۆن دەتوانرێت لە شایەدحاڵەکانەوە بۆ نەوەی دواتر بگوازرێتەوە، پێویستە چاو بخشێندرێت بە پەیوەندی ئاڵۆز و گرنگی نێوان یادەوەریی بەکۆمەڵ و یادەوەریی کەسی. لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبن.

١. بە کام ڕێگەیانە یادەوەرییەکانی ئەزموونە تراوماتیکییەکان، لە ڕووداوە ئاساییەکان جیاوازن؟

٢. ئایا گۆڕانی بەشەکانی یادەوەریی تراوماتیکی و کارەکتەرەکەی دەگۆڕێت بەتێپەڕبوونی کات، هەروەک زانراوە گێڕانەوەکە ئەوە دەکات؟

٣. ئایا دەکرێت پەنجە هەستییەکان لە شێوەی بەشی (پارچە)ی زیندوو یان گەڕانەوە بۆ دواوە (فلاشباک) و وێنە و دەنگ و بۆن و جەستە و هەست و کاریگەری بە تەواوی وەک یادەوەری پۆلێن بکرێن؟

٤. ئایا دەکرێت پەنجە هەستییەکان هەبن کە بزر دەبن و دواتر وەک نواندنێکی تازە (نوێنەرێکی نوێ)ی ئەوەی کە بە ڕاستی ڕوویداوە بگێڕدرێنەوە؟



کریستیان بۆلتانسکی (١٩٤٤_ ..)، ئەو ڕۆحانەی ورتە وت دەکەن

## بەشی (D): لەنێوان یادەوەریی تاکی (کەسی) و یادەوەریی بەکۆمەڵ

تێگەیشتن و چوارچێوەی (سنوورەکانی) گواستنەوەی نێوان یادەوەریی کەسی و یادەوەریی بەکۆمەڵ پێویستی بە تێگەیشتنی تەواوی هۆکاری پۆست یادەوەری هەیە. لێکۆڵینەوەیەکی گشتگری پەیوەندی پشت بەیەکتربەستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ و کەسی هاوکار دەبێت بۆ "دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن شکانی دەرەنجامی گواستنەوە لە ڕووداوەکانی تراوماتیکی مێژوویی پابەندی فۆرمەکانی بیرخستنەوە دەبێت کە دووبارە ڕیشاڵی یادەوەری نێوان نەوەکان بەیەکەوە دەلکێنێت و بەرجەستەیان دەکاتەوە کە بە کارەسات لێکترازاوە" (Hirsch, Writing and Visual ٣٢). پەیوەندی نێوان یادەوەریی کەسی و یادەوەریی بەکۆمەڵ هەمیشە جێگەی سەرنج ۆ تێرامان بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆزیشە. **(جان ئاسمان)** دەڵێت کە یادەوەری بەندە لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕۆژانەی کەسەکان یاخود دوو کەس(Assman and John, ١٩٩٥:١٢٦). یادەوەری پەیوەندی (گەیاندن) دەتوانرێت وەک یادەوەری تەمەن کورت دابنرێت، چونکە ئەم جۆرە یادەوەرییە لەنێوان دوو لە تاکەکان ڕوو دەدات، بۆ نموونە، نوکتە و پاشەملە باسکردنی کەسەکان (غەیبەت) و ئەمجۆرانە. لەبەرئەوە ئەمجۆرە یادەوەریانە تەقریبەن هەر زوو ون دەبن. بەگوێرەی ئەم چەمکە یادەوەری بەکۆمەڵ، **ماوریس هالبورگ** ڕێز لە یادەوەری تاک دەگرێت وەک مێژوویەکی دەنگی (شەفەیی)، کە ئەو (هالبورگ) پەیوەندی بەو گروپانەوە هەیە کە لە ڕێگەی گفتوگۆ و پەیوەندی هەر تاکێک یادەوەری دروست دەبێت. چونکە یادەوەری هەر تاکێک دەتوانێت کارلێک لەگەڵ ئەوانی دیکە بکات، هەم ئەوانەی تر دەتوانن بە گروپەکانی دیکەوە بلکێن، ئەو گروپانەی لەڕێگەی وێنە هاوبەشەکانی یادەوەری یەکێتییەک (یەکگرتوویەک) و تایبەتمەندییەک وێنا دەکەن(Ibid, ١٩٩٥:١٢٧). کارەکتەری پشت بەیەکبەستووی ئەم پەیوەندییە لە توێژینەوەی پۆست یادەوەری گرنگە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧، **جان ئاسمان** تیۆرەکەی لەسەر بیرخەرەوەی بە کۆمەڵ لە پەرتوکی ( Daskulturelle Gedächtnis ) تاوتوێ کرد. تیۆرەکەی لەسەر بیرخەرەوەی بەکۆمەڵ لە بناغەی هەموو کارە تاکەکەسییەکانی خۆی و هەموو ئەو کارانەی کە لەگەڵ خێزانی ئالێیدا ئاسمان بڵاویان کردوونەتەوە، پێک دێت. وێنەکێشان لەسەر کاری **(ئابی واریێرگ)** ئابی واریێرگ هونەرمەندێکی مێژوویی بوو کە چووە پشت سنوورەکانی یادەوەرییەکانی کەسی و زاراوەی و، (یادەوەریی کۆمەڵایەتی) داڕشت کە ڕەخنەگرتنی کولتووری وەک هەڵگری یادەوەری بینرا (Assmann,"Communicative" ١١٠).

هەروەها ماوریس هالبورگ، کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بوو کە لە توێژینەوەکەی جەختیکردە سەر یادەوەریی بەکۆمەڵ. هالبورگ سەلماندی کە یادەوەری لە دەقێکی کۆمەڵایەتی شی بکرێتەوە وکە ئەمە پشت دەبەستێت بە یەکترناسین و گفتوگۆ و پەیوەندی (Assmann, "Communicative" ١٠٩) . **جان ئاسمان** جیاوازی و لێک جوداکردنەوە لەنێوان دوو جۆری بیرخەرەوەی بەکۆمەڵ دەکات، ئەوانیش یادەوەری

پەیوەندی (اتصــال) و یادەوەریی کولتوورین. یادەوەریی کولتووری بریتییە لە شــێوە و فۆرمێکی دامەزراوەیی (شـکل مؤســسی_) یادەوەری، کە ئەمە لەنێوان گرووپێکی خەڵکدا هـاوبەشی پێـدەکرێـت کە هەمـان نـاســنامەی کولتووریـان هەبێـت ( Assmann, Communicative”“١١٠). **ئاســمان** دەڵێت کە یادەوەرییەکانمان نەک تەنیا لە کارلێککردن لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا هەیە، بەڵکو لەگەڵ سـیمبوڵە دەرەکییەکانیشـدا هەیە، کە یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی یادەوەرییەکان لەسەرتاسەری نەوە جیاوازەکان و بارودۆخەکان. ئەو دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لە زنجیرەی نەوەکان دووبارە جەســتە دروست بکرێـتەوە، یادەوەریی کولتووری، جیا لە یادەوەریی پەیوەندی، هەروەها بوونی هەیە لە فۆرمی نارێک و نایەکسان و داوای دامەزراوەکانی پاراستن و دووبارە بەرجەستە کردنەوە( بە جەســتەکردنەوەی) دەکات (Assmann, “Communicative ” ١١١).

بۆ نموونە دورکایم، یـادەوەریی بەکۆمەڵی وەک نـاوەنـدی دووبارە بەرهەمهێنـانەوەی کۆمەڵگە پێناسە کردووە، بەوەی کە گرووپەکە لە ناسنامەکەی سەبارەت بە کات وشیار دەبێـــــتەوە و تـاکیش ئەو یـادەوەریـانەی بیر دەکەونەوە کە لە مـاوەی ئەنـدامیەتی (ئەندامبوونی) لەناو کۆمەڵگەکە.

هالبورگ، ئەم یادەوەریانەی وەک یادەوەریی مێژوویی پێناســە کردووە. هالبورگ زیاتر پیداگیری لەوە دەکات و دەڵێت کە قوربانیانی ڕاســتەوخۆی ڕووداوەکان، ڕووداوەکانیان بیر ناکەوێتەوە، بەڵکوو لەڕێگەی خوێندنەوە و گوێگرتن یان یادکردنەوە یان بۆنەکانی فیسـتیڤاڵ کاتێک خەڵک کۆدەبنەوە بۆ یادکردنەوەییەکی هاوبەش، و جێبەجێکردنی کار و چالاکی ئەندامانی گرووپەکە کە ماوەیەکی زۆرە ڕۆیشـــتوون( لە ژیاندا نەماوەن) بیریان دەکەوێتەوە(Halbwaches and Coser, ١٩٩٢:٢٤). هـالبـوەگ ئـامـاژە بەوەش دەکات کە هەموو ئەو یادەوەریانەی لەلایەن گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتییەوە بە یەکدی دەبەسترێنەوە، بۆ ماوە و کات کورت دەکرێنەوە (سنووردار دەکرین). ئەوکاتە یادەوەریی کولتووری بریتییە لە فۆرمێکی یادەوەریی بەکۆمەڵ کە ئەرشـــیف کراوە لە ســـیمبولە دەرەکییەکان یان دامەزراوەکانی وەک کتێبخانەکان و مۆنیۆمێنتەکان یان مۆزەخانەکان. لەلایەکی دیکەوە، یادەوەریی پەیوەندی ئەم کارەکتەرە دامەزراوەییەی نییە. لە بری ئەوە بە کارلێکردن و پەیوەندییە ڕۆژانەییەکانەوە دروست بووە. بەهۆی ئەوەی کە کارەکتەری دامەزراوەیی نییە، یادەوەریی پەیوەندی قوڵیەکی کاتی کورتی ڕێژەیی هەیە: زیاتر نییە لە هەشتا بۆ سەد ساڵێک. ئەمە بە شێوەیەکی سادەیی ماوەیەکی کاتییە بۆ سێ نەوە، بەڵام **(ئاسـمان)** دان بەوەدا دەنێت کە خۆڕاگری (مانەوەی) یادەوەرییەکانی پەیوەندی پشـت دەبەســـتن بە بەهێزی پەیوەندیی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان. لەمەشـــدا خێزان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، کە دەبێتە نموونەی کاری (ئالێیدا ئاسـمان). **ئالێیدا ئاسـمان** درێژە بە کارەکەی جان دەدات بەناوی چوار فۆرمە جیاوازەکەی یادەوەری: یادەوەریی تـاک و یادەوەریی کۆمەڵایەتی و یادەوەریی سیاسی و یادەوەریی کولتووری.

## بەشی (E): چۆن هونەر دەبێتە شوێنی یادەوەری؟

بۆچی ئێمە شوێنی یادەوەریمان هەیە؟ بە پێی نۆرا، پێویستی بوونی شوێنی یادەوەری بەهۆی داخورانی ژینگەی یادەوەرییە (Nora‘ ١٩٨٩, ٧)، ئاماژەدان بە شوێنی ڕاستەقینەی بینا و خاسیەتییەکانی ژینگە لەوکاتەدا هەیە کە تۆ یادەوەرییەکی تایبەتی وینا دەکەی کە لەسەری خوڵقاوە (دروست بووە). بەمجۆرە، بۆ نموونە، کاتێک گوندەکان تەخت دەکرێن و بیناکان دادرمێن یان وێران دەبن، بەهۆی تۆڵەی شەڕەوە، یاخود شارەکان دووبارە نوێ دەکرێنەوە و گەشەکردن ڕوو دەدات، ئەوا ئەو ژینگانە کە یادەوەرییەکانی ئێمەی تێدا دروستکراون، بەتایبەتی لەحاڵەتی یادەوەری تراوماتیکی کە لە شەڕ و پێکدادانەکان ڕوو دەدەن، بە تێپەڕبوونی کات دادەخورێن.

**نۆرا** دۆخەکان ڕوون دەکاتەوە کە ڕووداوێک یان شتێک پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی وەک شوێنێکی یادەوەری دەستنیشان بکرێت (Erll ٢٠١١ , ٢٤). هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، شوێنی یادەوەری پێویستی بە سێ داواکاری ڕەهەندی هەیە: مادده و ئەرک و هێما ( سیمبوڵ). هونەری بینراوەکان لەگەڵ ئاستی مەتریاڵەکان مامەڵە دەکەن، بۆ ئەوەی چەمکی یادەوەری بەرجەستە بکەن کە هەوڵ دەدەن ئامادەی بکەن. هونەرمەندان هەوڵ دەدەن بیرۆکەکانیان بگوازنەوە ناو ماددەکان، بۆ نموونە کانڤاس و قوماش و میدیای تێکەڵ بەکاردێنن، هەموو ئەو شتانەی دەبنە بەشێکی کارە هونەرییەکە، کە چەمکەکانی هونەرمەندان دەنوێنێت بۆ پێکهێنانی ئەمە لە پارچەیەکی هونەری تێکەڵ. لەڕێگەی ئەمەوە، یادەوەری یان پۆستی یادەوەری خۆی لەناو فۆرم و شتێکدا دەردەخات. بەتایبەتی بە بۆچوونی نۆرا شوێنی یادەوەری دەکرێت کارێکی هونەری و کارێکی دەستکردی و مۆنیۆمێنتێک یان شوێنەکانی ڕووداوەکانی تراوماتیکی بن، وەک کەمپەکانی ئەڵمانیا و پۆڵەندا بن یان وەک حاڵەتی من شوێنە بەرجەستەکانی جینۆسایدی ئەنفال کە هەموو دەبنە شوێنی یادەوەری.

هەروەها کارە هونەرییە بینراوەکان دەبنە نوێنەرێکی سیمبوڵی (نیشانەیی، هێمایی) یادەوەری، هەروەها وەک نوێنەرێکی ماددیی. بۆ نمونە، دیزاینی ئاڵا دەبێتە سیمبوڵی نەتەوەیەک، تەنیا وەک قوماش دەتوانێت ببێتە سیمبولی ناسنامەی گروپێک، بەهەمان شێوەش کارە هونەرییە بینراوەکان دەتوانن لە سیمبولگەرایی دەوڵەمەند بن، کە ئەرکی وروژاندنی یادەوەرییەکی تایبەتی هەیە بۆ بینەرانی. سەبارەت بە ئەرکەکەی، هونەری بینراو هەر تەنیا ئەم داواکارییە نوێنەرایەتییە جێبەجێ ناکات، بەڵکو دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت لە ئەرکەکەی. بە گشتی ئەرکی هونەری بینراو بریتییە لە ئامادەکردن و وروژاندنی کاردانەوەی بینەر. سروش (وحی) بۆ کارێک دەتوانرێت لە سەرچاوەی جۆربەجۆر بکێشرێت. هەروەها ئەم ئەرکە بەئەنقەست چوارچێوەی ڕابردوو بە ڕێگەی جیاواز یان چاوەڕواننەکراو دەکێشێت ۆ بینینی ڕووداوە مێژووییەکە لەلایەنێکی دیاریکراوەوە، ئەمەش بۆ گۆڕینی ئەو ڕێگەیەی ئێمە کە لە ڕووداوی یادەوەرییەکە بیری

پێ دەکەینەوە یان بۆ هونەرمەندان بۆ کاردانەوەی یادەوەری کەســـایەتی خۆیان بۆ ڕووداوەکە (Tate ٢٠١٥).

هەروەک لە ســـەرەوە تاوتوێ کرا، یادەوەری شـــایەتحاڵەکانی یەکەمین یان نەوەی یەکەمین لەڕێگەی چیرۆک و هونەر و ئەدەب و کولتوور و ڕەفتارەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر (Hirsch, ٢٠١٢ ١٠٦). لێرەدا جیاوازییەک و لێک جیاکردنەوەیەکی ڕوون هەیە لەنێوان یادەوەری یەکەمین نەوە و پۆست یادەوەری وەچەکانیان. هەروەک **هیرسـچ** ڕایدەگەیەنێت ئەم ئەزموونانەی تراومای بەکۆمەڵ بە قوڵی و کاریگەری بۆیان گواســـتراونەتەوە هەروەک پێدەچێت پێکهێنان و دروســـت بوونی یادەوەرییەکان لەناو مافی خودی خۆیان بن. ئەندامانی پۆســـت نەوە دەتوانن ئەندامانی نەوەی دووەمی تیپی (حرفی) ســـەبارەت بە پۆســـت یادەوەرییەکانی و یادەوەرییەکانی وەچەکانیان زیاتر ئاگادار بکەنەوە بە هۆکارەکانی وابەســـتەی پۆســـت یادەوەری. وابەســـتەی پۆســـت یادەوەری فۆرمێکی چەند مەبەستی بگرێتەوە وەک وێنەگرتن و وێنەکێشان یان هۆنراوە.

**هیرسـچ** ئاماژە بە ژمارەیەک ناوەندی گواستنەوەی یادەوەری وەک کردەکانی وێناکردنی خوڵقاندن دەکات کە یادەوەری ڕووداوێکی تراوما بەهێز دەکات و لە کۆتاییدا یارمەتی خەڵـک دەدات بەرگەی تراوما بگرن. ئەوە گرنگە جەخـت لە هەنگاوی خوڵقـانـدن بکرێتەوە کە وەک هاوکارە بۆ مانا پێدانی ڕابردوو، کە ئامانجی کۆتایی پۆست یادەوەرییە.

پۆســـت یادەوەری بە بیرهێنانەوەی ڕابردوو جیا نەکراوە، بەڵکوو بە پابەندبوونی بە تیۆری (جان و ئالێیدا ئاسمان) لەسەر یادەوەری ئەرشیفی بە دامەزراوەکراوە لەڕێگەی خوڵقاندن و دابەزاندنی خەیاڵ. کارە هونەرییەکانی وەک وێنەکان یان ئەدەب، هەموویان دەتوانن فۆرمی ناوەندی گواستنەوە بن (Erll ٢٠١١,٢٧).

هەروەها ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو یان پۆست یادەوەری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کارە هونەرییەکان، ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ پۆست یادەوەری یان یـادەوەری گواســـتراوە لە خێزانەکەی یـان ئەو نـاوچەیەی لێی گەورە بوون، خۆیـان دەردەخەن و دەردەکەون. کاتێک قســـە لەســـەر پۆســـت یادەوەری دەکەین، زۆر جار هونەرمەندان خۆیان هیچ ئەزموونێکی ڕاســـتەوخۆیان لەگەڵ ڕووداوی یادەوەرییەکە نەبووە، بەڵام چیرۆکەکە لە ڕێگەی نەوەکانی پێشوو گواستراوەتەوە، چ لەڕێگەی دایک و باوک و خزمەکانی دیکە بێت یان لەڕێگەی میدیا کە کاریگەری لەســـەر خوڵقاندنی هونەری بینراو هەیە. بە دڵنیاییەوە، دەرخســـتن و نیشـــاندانی پۆســـت یادەوەری وەک شـوێنی یادەوەری ســەختییەکی زیاتری هەیە لە جێبەجێکردنی داواکارییە ڕەهەندییەکانی شـــوێنی یـادەوەری، لە کاتێکـدا زۆرجـار هونەرمەنـد ئەرکی ئەوەی پێدەســـپێردرێت یادەوەرییەک دەرخات کە ئەو (کوڕ) یان (کچ) بەشـــێوەی شـــەخسی ـ ئەو ئەزموونەی نەبووە. هەندێ کەس دەپرســـن کە ئاخۆ چۆن کارێکی هونەری دەبێتە نیشـــاندەرێکی یادەوەری.

بەڵام بە بۆچوونی **هیرسچ**، پۆست نەوە دەتوانرێت بە قوڵی بە بیرکەوتنەوەی ڕابردووی نەوەی پیشـــووترەوە بلکێندرێت کە پێویســـتیان بەو پێکەوەلکان و گرێدانەی یادەوەری هەیە و بەمجۆرە، لە بارودۆخە ناخۆشـــە تایبەتییەکان، هەروەها یادەوەری دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ ئەوکەسانەی کە بە ڕاستەقینە لەوێ نەبوون تا لەگەڵ ڕووداوێکدا بژین Hirsch ٢٠١٢, ١٠٥-١٠٦ ). لەبەرئەوە دەرخستن و نیشـانـدانی پۆســت یادەوەری هەروەک وەک شـــوێنی یادەوەری کاریگەر بێت ئەگەر لەلایەن هونەرمەندانەوە بۆ یەکەمین نەوە دروستیان کردبێت.

لێرەدا ژمارەیەک هونەرمەندی بەناوبانگ هەن کە کار لەســـەر هونەری بینراو دەکەن و مامەڵە لەگەڵ پۆســـت تراوما و یادەوەریی گواســـتراوە دەکەن، هونەرمەندانی وەک **ئانسێلم کیێفیەر**، **میلدرێد هاوەرد**، **سیگرید سیگوردسن**، **ئان** و **پاتریک پۆیریەر** و **کریســـتینا بۆڵتانســـکی**. بەتـایبەتی مـامەڵەکردنی لەگەڵ مەتریـاڵی دیـاریکراو کە پەیوەندیدارن بە ئەزموونی هۆلۆکۆســـت، ســـەرەڕای ئەوەی هونەرمەندەکە لە ســـاڵی ١٩٤٤ لە دایکبووە. بەکارهێنانی وێنەی قوربانیانی هۆلۆکۆست و بەکارهێنانیان لە کاری هونەری، بۆڵتـانســـکی یـادەوەری لەگەڵ کـارەکانی لێکـداوە کە گوازراونەتەوە بۆ نـاو شـــوێنەکانی یادەوەری، مامەڵە لەگەڵ یادەوەریی گواســـتراوەی ڕووداوەکانی ڕابردووی تراوماتیکی دەکەن. هەندێک لە شـوێنە یادەوەرییە هەرە گرنگەکانی لەسـەر شـێوەیەکی هونەری، قوماشی تێدا بەکارهاتوون، کە یادەوەری پەیوەندیدار بە کەمپەکان و بە شێوەیەکی گشتی هۆلۆکۆست دەردەخەن، کە پۆست یادەوەریی کۆکراوەی چیرۆکەکانی دایک و باوکی و بەشێوەیەکی سەرەکیش سەرچاوە میدیاییەکانی تێدا بەرجەستەکراوە.

## پوختە

لە پوختەدا، پێموایە کە هونەر هاوکار دەبێت بۆ دووبارە بەرجەســـتەکردنەوە و دووبـارە بە تـاکردنەوەی یـادەوەرییەکان، بەتـایبەتی یـادەوەرییە تراومـاتیکییەکان کە کاریگەری فراوانی لەســـەر ژمارەیەکی زۆر نەوەکان هەبووە. هونەر توانا دەداتە خەڵک هەست بە ڕابردوویەک بکەن کە ناگەڕێتەوە، هەتا دوای ئەوەی کە هەموو ڕزگاربووانیش مردوون. هونەری پۆست یادەوەری، وەک کارەکانی **کریستینا بۆڵتانسکی** تەنیا شێوەیان بە پۆســت یادەوەرییە تراماتیکییەکان نەداوە، بەڵکو ژیانی درێژتر دەداتە خاوەنەکانی ئەو یادەوەریانە. دواتر یـادەوەری تەنیا بە تێپەڕبوونی نەوەکان کۆتـایی نـایەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە یادەوەری بەردەوام دەبێت بۆ شـــێوەگرتنی کۆمەڵگەیەک و بابەتەکانی بە هاوکاری هونەر. **هیرســـچ** جەخت لە گرنگی ڕابردوو دەکاتەوە، کە دەتوانێ کاریگەری بەردەوامی لەســـەر ڕانەبردوو هەبێت. بەتایبەتی لە کاتەکانی تراوما، یادەوەری دەتوانرێت بگوازرێتەوە (هەڵبگیرێت) بۆ نەوەکانی دواتر بە ڕێگەیەکی تایبەتی. ئەمە نموونەیەکە لە پرۆســـەی پۆســـت یادەوەری کە پەیوەندییەکی قوڵ لەخۆ دەگرێت کە پۆســـت نەوە

لەگەڵ یادەوەرییە تراوماتیکییەکانی باب و باپیرانیاندا هەیانە. خێزان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پۆست یادەوەری، چونکە شوێنی سەرەکییە کە یادەوەری تێیدا بۆ کەسانی دیکە دەگوازرێتەوە.

لە کۆتایدا چەند پرسیارێک سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە: ئایا چۆن هونەرمەند مامەڵە لەگەڵ شوێنی یادەوەری و پۆست یادوەری دەکات؟ ئایا چۆن هونەر مامەڵە لەگەڵ پۆست یادەوەری دەکات؟ ئایا چۆن هونەر شوێنێکی یادەوەری دەنوێنێتەوە کاتێک ژینگەکە بە جینۆساید و شەڕ و پێکدادانەکان وێران کرابێت؟ ئایا هونەرمەند یادەوەری دەگوازێتەوە بۆ نەوەی پێشووتر لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە؟ ئەگەر وایە بەشێوەیەکی کاریگەر ئەوەیان کردووە؟ ئایا ماس میدیا چۆن کار دەکات لە گواستنەوەی یادەوەری بۆ هونەرمەندانی هاوچەرخ (تازە) و پۆست نەوەکان؟ ئایا هونەرمەندان چۆن لە کارەکانیاندا بوونەتە پردی زانیاری لەنێوان کارەکانیان و بینەرانیان لە گواستنەوەی یادەوەری و پۆست یادەوەری؟ .



پۆستەر پیشانگایەکی شێوەکار (عەلی ڕەزا)، نووسەری ئەم وتارە

سەرچاوەکان


- Erll, A. (2011) Memory in Culture. New York: Palgrave Macmilla. Palgrave Macmillan; 2011 edition (November 15, 2011)
- E. Wells (1992). Maurice Halbwache on collective memory Lewis a Coser, Chicago, university .
- Assmann, Jan. “Collective Memory And Cultural Identity.” New German Critique 65 (1995) 125-133. Print.
- Hirsch, M. (1997) Family Frames, Photography, Narrative, and Postmemory. Cambridge and London: Harvard University Press.
- Hirsch, M. (2012) The Generation of Postmemory: Writing and Visual Culture after the Holocaust. New York: Colombia University Press.
- Holtorf, (2002) sites of memory. (Tspace. Library)
- https://www.khanacademy.org/partner-content/tate/archives-memory/art-and-memory/a/what-role-does-memory-play-in-art
- Montaño (2008) Places of memory. Is the concept applicable to the analysis of memorial struggles? The case of Uruguay and its recent pas
- Nora, P. (1989). Between Memory and History: Les Lieux de Mémoire 1984-1989. Representations. 26. 7-24.
- Shoah and postmemory (2012). First digital edition: January 2012 © 2012 by Edizioni Sonda, Casale Monferrato (Al), Italy All rights reserved ISBN 978 88 7106 426 0
- The Politics of War Trauma,(2010) Aksant, Amsterdam